# ئاشتكردنەوەی كۆمەڵە و دیموكرات و كۆنگرەی خەوتوانی كوردستان

عەلی مەحمود محەمەد

**2005-11-17**

ئەوەی ئەم هەواڵەی لەخوارەوە بلاوكراوەتەوە بخوێنێتەوە , وا دەزانێت تازە گەرمەی شەڕی هەورامان و نەرمەلاس و مەرگەوەڕە لە نێوان كۆمەڵەو دیموكرات , هەردوولا لە مالومەو گەڕەدێ بەرامبەریان لە یەكتر گرتووە , تەیر بە نێوانیانا دەربازی نابێت , ئەوەی مام جەلال لە دەیان جەولەدا , دوو دەیە لەمەوپێش پێی نەكرا , ئێستا موریدەكانی بە كون ڤی یەكونێك ئەنجامیان داوە , ئاشتییان لەسەر سینی زێڕ پێشكەش بە جەماوەری كوردستانی خۆرهەلات كردووە .

ئەوەی كەمترین هوشیاری سیاسی هەبێت و چاودێری كایە سیاسییەكان بكات لە كوردستانی خۆرهەلات , ئەم هەواڵە سەیرە بخوێنێتەوە , سەری سوڕ دەمێنێت , لەم توانا خارقەی كۆنگرەی نەتەوەیی كوردستان , لە واشنتۆنەوە كەوتنە ڕێ لە هەولێر و سولێمانی سەربەخۆیی كوردستانیان ڕاگەیاند , كۆمەڵەو دیموكراتییان پاش دوو دەیە لە شەڕو كوشتاری جەنگی و ئایدۆلۆژی , ڕژانی, دەریایەك خوێن ئاشتكردەوە ! .

زانیمان پارتە دەسەلاتدارەكان كوردستان پێویستیان بەم گەمە سیاسییە هەیە كە كۆنگرە بە شەرمنانە ئەنجامی دەدات , كات و شوێن گونجاوە بۆ شانۆگەرییەكە , بەلام لە ولاتی گەندەلییدا شانۆ باس لە ئێشەكان نەكات , ئەكتەرەكان تەنها كاریان گریان دەبێت بۆ كورسییە بەتالەكان .

لە بارودۆخی هەنووكە , كە خەلك دلی هەلە چێت بە سندوقەكانی دەنگدان , لە ڕێگەی ئەم دروشمە قەبە بێ پراتیكانەی كۆنگرەی سەربەخۆییەوە , جەماوەر لەگەڵ سندوقەكانی دەنگدان ئاشت بكەنەوە , ئەمە پەیامی كۆنگرەی نەتەوەیی كوردستان بوو .

نازانم كاك حوسێن مەدەنی و د.خەسرەو شالی ئاگادارن یان نا , لەم چەند ساڵەدا هیچ كۆمپیوتەرێك ناتوانێت ژمارەی تەوقەو دانیشتنەكانی نێوان هەردوو كۆمەڵەو دیموكرات بژمێرێت , ئەوەندە جار ئەنجام دراوە , یاخود ئەو دڵدارییە بە سۆزەی لە نێوانییان كراوە , بۆ هاوكاری و پێك هێنانی بەرەی كوردستانی . بە ئەندازەی توكی سەری كاك عەبدوڵڵەی موهتەدی ( چونكە قژی پڕە) , وتار لەسەر پێك هێنانی بەرەی كوردستان لە لایەن ئەندامان و دۆستانی هەردوولاوە نوسراوە .

لێ ئێوە ئەگەر بە نیازن ئەم تەوقەیە بە سەركەوتنی مەزن بدەنە قەلەم بۆ كۆنگرەكەتان , ئەوا پێتان دەڵێم لە بێ خەبەران كەشكەك سەلاوات . كۆنگرەیەكی نەتەوەیی كوردستان , ئەوەندە ئاگای لە هەواڵی سیاسی كوردستان و پەیوەندی نێوان هێزە سیاسییەكانی بێت , لە ئێستاوە قوڕمان بۆ گرتراوەتەوەو

**باركراوين خۆمان پێی نازانيين , ئەمە كۆنگرەی خەوتوانی كوردستانە ؟ نەك كۆنگرەی نەتەوەيی كوردستان .**

**ئەگەر ڕاست دەكەن يەكبونی نەتەوەييتان دەوێت , بستێك لەلاترەوە قەنديل لەگەڵ هەولێر و سلێمانی ئاشت بكەنەوە .**

لە كۆنفرانسی كۆنگرەی نەتەوەيی كورد ديموكرات و كۆمەڵە ئاشت بوونەوە

pukonline

2005-11-17

لە ميانی دەستپێشخەرييەكی ئامادەبوانی كۆنگرەی نەتەوەيی كورد لە باكووری ئەمريكا بۆ وەلانانی ناكۆكييەكانی نێوان حزبی ديموكراتی كوردستانی ئێران و كۆمەڵەی زەحمەتكێشانی كوردستانی ئێران، داوا كرا كە دەست بخەنە نێو دەستی يەكدييەوە، ئيدی هەردوكە لە بەرێزان(مستەفا هيجری) و(عەبدوڵای موهتەدی) باوەشيان كرد بە يەكتريدا. دواتر لە ڕێستەكەدا هەريەكەيان دووپاتی ئەوەی كردەوە كە هيچ جۆرە ناكۆكييەك لەنێوانياندا نيە. شايانی باسە لەم ديمەنەدا بەرێز (حوسێنی مەدەنی) ڕۆڵێكی سەرەكی بينی لەگەڵ بەرێز (د. سامان شاڵی) .